کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

# ئازاردانی نەبەز گۆران ئازاردانی ئازادییە

## ئازاردانی ئازادیی ، ژانی لە دایک بوونی ڕاستییەکانە

هێمن ڕەئووف ..... سویسرا
www.hemnrauf.kurdblogger.com



ئەوەی ڕوویدا چاوەڕوان کراو بوو ، ئازایەتییەکەی ئەم گەنجە دلێرە لەوەدایە لەناو بێشەی ئەم دڕندانەدا کەوتە هەڵمەت و ، دژ بەسوکایەتییکردن بە جەماوەر سنگی خۆی کردە قەڵغانێکی پۆڵایین .

لە وڵاتی ئێمەدا دەسەڵاتێک سەروەرە لەسەر چەواشەکاریی بنیات نراوە. میللەتێکمان هەیە ناتوانن ئەو چەواشەکارییانە ببینن . ئەی چۆن ئەم گرێیە بکەینەوە ؟ چۆن بتوانین جەماوەر ئاشنا بکەین بە ڕاستییەکان؟

ئەم کارەی نەبەز گۆران و هەندێ لە ڕۆژنامەنوس و نوسەرە بوێرەکانی ناو ئەم گۆڕەپانە خەتەرناکە پێی هەستاون، ئەو ئاراستە گۆڕینەیە کە بە ترسناکترین قۆناغدا تێدەپەڕێ . بۆیە دەبێ ڕێز لەم هەڵوێستە مەردانەیە بگیرێت و تاجی زێڕینی مێژوویان پێبدرێت .

نەبەز گۆران ئەو لاوە خوێنگەرمەیە کە ڕووبەڕووی گەورەترین هێز لە باشوری کوردستان وەستایەوە . ئەو کوڕەیە مردنێکی پڕ لە حەقیقەتی پێ شەریفانە ترە لە تەسلیم بوون و چۆکدادان بۆ هەڵسوڕاوانی شەڕی ناوخۆ . بۆیە کەوتە بەردەم ڕقی داخ لەدڵانی ئازادیی و یەکسانی .

ئازار دانی نەبەز گۆران ئازار دانی ئازادییە لە کوردستاندا ، بێدەنگبوون و خۆ یەکلایی نەکردنەوەی نوسەران و ڕۆژنامەوانان بەرەو بەندیخانە بردنی ئازادیی ڕادەربڕینە لە باشوری وڵاتدا.

بێدەنگ بوونی پارتی بێجورئەت بوونی ئەم زلحیزبە دەسەلمێنێت بەرامبەر بە تاکە کەسێک ، وە بێهەڵوێستی ئەم پارتە دەسەلمێنێت بەرامبەر بە میللەتێکی قوربانیی و چەوساوەی دەستی دەسەڵاتەکان.

دەبێ بوونی کەسێک کە تەشهیر بە میللەتێک بکات چ ئومێدبەخشییەکی لێچاوەڕوان بکرێت ؟ کەسێک ڕابووردوویەکی پڕ لە شەڕەنگێزی ، پڕ لە هەستی براکوژیی و بە توانا لە بواری پێگەیاندنی کەسەکان کە بتوانن دژ بە برا شەڕ بکەن چ هیوایەکی لێ سەوز دەبێت ؟؟؟؟

ئەمە چ مەهزەلەیەکە ئەم خەڵکە هەژارەی ئێمەی تێدا دەژی ؟ کەسێک ئەوەندە لە خۆڕازیی و بێئەمەک ، ناتوانێ بەرامبەر بە میللەتێک پەشیماننامەیەک دەر بڕێ . دەسەڵاتێک ئەوەندە

بێهەڵوێست ناتوانێ کەسێکی ئاوا نەفرەتیی بکات . ئیتر دەبێ چۆن متمانە بە بەڵێن و قسەی زل و بریقە داریان بکەین ؟

ئەم دەسەڵاتەیە بانگەشە بۆ دیموکراتی دەکات ، ئەمانەن بانگەشە بۆ سەربەخۆیی دەکەن ، ئەمانەن هێنانەوەی کەرکوک و قەرەبووی هەڵەبجەو ئەنفالیان پێسپێردراوە . بۆیە دەبێ سنورێک بۆ خۆش بڕوایی خۆمان دابنێین .

ئەوەی جێگای قێزلێکردنەوەیە ئەو بەهەڵەدا بردنەیە کە بەدەستی هەندێ بەناو نوسەر و ڕۆشنبیر دەکرێت ! پرسیار ئەوەیە ئایا دەبێ بۆ تاریکی ناردنی خەڵک چ دەستکەوتێکی تێدابێت؟ ئەم پێشڕەوییە چەوتە لە پێناوی چییدایە ؟ ڕۆشنبیرانێک پێشانی خەڵکی بدەن سەگ بوون و بێشەهامەتی قەبوڵ بکەن دەبێ چاوەڕوانی چیان لێبکرێت ؟

ئەوەی جێگای شەرمە چونی ئەو قوتابییانەیە بۆلای سەرۆ قادر ! ئەو کەسانەی مەشخەڵی زانستیان لەدەستدایە و لە پێشی کاروانێکدان سەگ بوونیان پێ ڕەوایە ! ئەوانە هەرکەس و هەر کەسێتییەک بن، بە کرێ گیراین یان بەفەرمانی حیزب ، دوو کەس بن یان دوو ملیۆن کەس ، هەر بە قوتابیان و خوێندکارانی سلێمانی دەژمێردرێن ڕاگەیاندنێکی زەنگین هەیە بۆ چەواشیکاری . بۆیە دەبێ خوێنکاران و قوتابیانی ڕەسەن بە هەمان شێوە خۆیان پێشان بدەن .

ئەوەی جێگای نەفرەت لێکردنە ئەو کەسانەی خۆیان بە سەربەخۆ و بێلایە وەسف دەکەن و لە پشت خەتەرناکیی دەسەڵاتێکەوە تیرۆری هزری خەڵکی دەکەن . دەبێ ڕێگا نەدەین خۆیان بە پشتیوانی ئازادیخوازان بزانن و لە ڕوداوێکی ئاوادا شەرمەزار بکرێن و پێیان بڵێین ئێوە ڕەوڕەوەی گەڕیانی ئەم دووچەرخە شکاوەی دەسەڵاتن و دەبێ پەراوێز بخرێن .

حەمەسەعید حەسەن .. شایەری دەسەڵات و کرۆکی ئاژاوە و دووبەرەکی پێش ماوەیەک سەگ بوونی بەڕێز ( ڕەحمان غەریب * ) ی پێقەبوڵ نەبوو، ئەوەبوو شیعرێکی بۆ نوسی ؟ ئەی بۆچی دوو پیتی ڕێک نەخست بۆ سەگ بوونی هەموو گەلی کورد ؟؟ ئاساییە کە چاوەڕوانی لە کەسانێکی ئاوا ناکرێت یەک حەرف بزەنێت . بەڵام جێگای داخە ئەم کەسانە خۆیان پێ بێلایەن و پشتو پەنای ئازادی بیروو ڕایە . بۆیە دەبێ هەنگاوی بەسەردا نەنێین و نیشانەی پرسیاریان بخرێتە سەر .

شایەرەکانی حەمە سەعی و خودی حەمەسەعی بەناوە جۆراو جۆرەکانەوە چیی دەڵێن با بڵێن .

نا بۆ ئازاردانی ئازادی ڕادەربڕین
نا بۆ سەگ بوون
نا بۆ بێشەهامەتی

---

* ڕەحمان غەریب چاوی کراوەی هەژاران و دەنگێکی تری دلێری مەیدانێکی ترسناک . لە لایەن جەمسەرێکی تری دەسەڵاتەوە سوکایەتی پێکرا لەکاتی خۆیدا ئەو ڕووداوەمان شەرمەزار کرد .